www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:35 11-12-2006

# دکتۆر خەسرەو مام قادر لێپرسراوی مەڵبەندی (8) ی راپەڕین: ئەوە کەی ئیسلامەتیەو ئەوە کەی موسوڵمانەتیە بەو نیوە شەوە هاتوون خەوتان لی حەرام کردووین؟!! ... دیداری / مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆ، تورەبوون لە دیدی ئەودا نیە، سەرەتای کاری بۆ ناو رێکخستن و دواتر بۆ سەنگەری خەباتی تێکۆشان لەشاخ و دوای ئازاد بوونی کوردستان لە ژێر چەپۆکی داگیر کەران، سەرقاڵ بوونی بە کاری ئیداری و لەوێشەوە جێگە پەنجەی د یارە کە لە کاری ئیداریدا چەند سەرکەوتوو بوو ئەو وەك کادیرێك و پێشمەرگەیەکی شاخ مامەڵەی دەکرد جیاوازی لەبەینی هیچ کەسێك دانەدەکرد، دواتریش زانکۆ تەواو دەکات و لە زانکۆشدا نمونەی خوێندکارێکی سەرکەوتوو لێهاتوو بوو بۆیە لەلایەن بەرێز مام جەلال و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی رێکخستن و دەزگای هەڵبژاردن پێشنیار دەکری تاکو خۆی هەڵببژێری، وەك چۆن لە سەرەتای کاریدا هەمیشە لە خزمەتی خەڵکی دابووە، بۆیە لە هەڵبژاردنیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئێمەش وەکو رۆژنامەی پێگە بەچەند پرسیارێك هێنامانە دواندن:

پ1/ دکتۆر خەسرەو مام قادر کی یە؟

دکتۆرخەسرەو/// من کەناوم خەسرەو قادر عەبدوڵلایەو ناسراوم بە دکتۆر خەسرەو، لەدایکبووی ساڵی (1957) م، خێزانەکەم بریتی بوو لە حەوت براو خوشکێك، دایك و باوکم هی کوردستانی رۆژهەلاتن، لە مەهابادەکەی پێشەوا قازیەوە ها توون، باوکم بەشداریەکی چالاکانەی هەبووە لە کۆماری مەهاباد، شۆرشگێرێکی ئەوسای کۆمارەکە بووە، دوای لە سێدارە دانی قازی، ئەویش بریاری گرتنی هەبوە و ئاوارەی کوردستانی باشوور بووە و لە شاری کۆیە گیرساوەتەوە، بەشێکێکیان لە خوشك و براکانم لە دایکبووی مەهابادن، بەشێکیشیان لە دایکبووی کۆیەن، جگە لە کۆماری مەهاباد، لە شۆرشی ئەیلول هەم ئاوارە بووین و هەمیش بەشدار بووین، برا گەورەکەم بە ناوی کاك ئیسماعیل پێشمەرگە بووە تا هەرەس و دووجاریش بریندار بووە.

لە شۆرشی نوی ی گەلەکەشمان بە رابەرایەتی (ی، ن، ك) دیسان هەم تووشی ئاوارە بوون بووین هەم سیانمان (بەندەو شەهید عەلی و شەهید وورِیا) پێشمەرگە بووین.

سەرەتای قۆناغی خوێندنم لە رانیە دەست پی کردووە، چەند دابرانێك لە قۆناغەکانی خوێندنم روی داوە بە هۆی ئاوارەیی خێزانەکەم، دەرچووی کۆلێژی پزیشکیم لە زانکۆی سلێمانی، لەساڵی (1976) پەیوەندیم کردووە بە ریزەکانی (ی، ن، ك)، تا ساڵی (1982) لە خەباتی نهێنی ناوشار بەردەوام بووم، لە راپەرینەکانی ساڵی 1982 کە راستەوخۆ رابەرایەتی و سەرپەرشتیم دەکرد گیرام، دوای ئازاد کردنم لە گەڵ شەهیدان کاك عەلی و کاك وورِیا بە یەك رۆژ بریارماندا هەر سێکمان پەیوەندی بکەین بە (ە، پ، ك)، دوای راپەرین بووم بە لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی رانیە، لە دوای دامەزراندنی مەڵبەندی 8ی راپەرین پلەی کارگێرم وەرگرت دواتر جێگری لێپرسراوی مەڵبەند، لە ساڵی 1998پێشنیار کرام بۆ قائیمقامی رانیە، دوای بیست مانگ قائیمقایمی لە شاری رانیە گوازرامەوە بۆکۆیەو، لە ساڵی (2000)

دا بریارمدا ئەو چەند ساڵەی خوێندنم تەواو بکەم کە لە ساڵی 1982 دا دابرا بووم، دوای دەرچوونم لە زانکۆ و وەرگرتنی بروانامەی پزیشکی، تەکلیف کرام بۆ خۆ کاندید کردن بۆ پۆستی لێپرسراوی مەڵبەندی 8ی راپەرین و لەو هەڵبژاردنەش متمانەی زۆربەی کادیرانی سنورەکەم بە دەست هێنا و، لە گەڵ کۆمەڵێك لە هەڤاڵانی مەڵبەند سەرپەرشتی ئیش و کارەکانی رێکخستنەکانی سنوری مەڵبەند دەکەین

پ2/ئەو شەرانەی بەشداریتان تێدا کردووە چی بوون؟

دکتۆر خەسرەو //// گەر ئیشارەت بە هەموو ئەو شەرانە بدەین کە لە فەترەی پێشمەرگایەتیمدا بەشداریم تێدا کردووە زۆرن بەڵام رەنگە هێندێکیانم بیر نەمابی هەم بەروارەکەیان هەم کات و شوێنەکەیان،

ئەو چالاکیانەی لە سنوری بیتوێن و سنوری تیپی 99 ی بیتوێن کراوە بەشداری هەموو ئەو چالاکیانەم کردووە، لە شەرەگەورەکانیش کە یەکێتی تیاییدا بەشدار بووە لە گرتنی تەق تەق و شەرەکانی 101رۆژەی قەیوان ماوەت و شەرەکانی سەرکردایەتی، بەشدار بووم وە وەکو تیپی 99ش چالاکی خۆشمان زۆر بووە .

پ3/ بەرێز کاك دکتۆر پێشمەرگایەتی لە سەردەمی شاخ یان پێش راپەرین چۆن بوو؟

دکتۆر خەسرەو/// پێشمەرگایەتی لەسەردەمی شاخدا کارێکی زۆر قورس و گران و سەخت و دژوار بوو، بەڵام زۆر خۆش و لەزەت بەخش بوو لە هەمان کاتدا، پیاو ویژدانی مورتاح بوو وەپی ی وابوو ئەرکێکی گەورە کە لە سەر شانیەتی جی بەجی ی دەکات، وە پێشمەرگە لە سەردەمی شاخدا دەبوو بە مانای کەلیمە دەست و دەم و داوێن پاك بی، دەبوو ئازاو بە جەرگ بی، دەبوولە خۆ بردوو بی، دەبوا یە کۆمەڵێك شت ببەخشی لە پێناوو سەرکەوتندا وە بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم:زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەی شاخ لەو جۆرانە بوون .

پ4/ بەرێز کاك دکتۆر ئێستا لە سەردەمی شاردا پێشمەرگایەتی چۆن دەبینی؟

دکتۆر خەسرەو /// ئێستاش پێشمەرگایەتی بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم، هەرچەندە مەهامەکە جیاوازە، مەهامی ئەو کات قۆناغی رزگاری بووە، رزگار کردنی وڵات بووە، بەڵام ئێستا پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆرش و پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەرین و ئەو چەند ساڵەی دوای راپەرین کە بەدەست هات، ئێستاش ئەرکێکی پیرۆزە ئەگەر وەکو خۆی جی بەجی بکری ئەرکێکی وا ئاسان نیە، وەمن هەمیشە پێشمەرگایەتی بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانم .

پ5/ جیاوازی نێوان شاخ و شار بۆ پێشمەرگە لە چیدایە؟

دکتۆر خەسرەو // پێشمەرگایەتی لەشاخ دابران بوو لە کەس و کارولە شاروو خۆشیەکانی ژیان، دابران بوو لە هەموو ئەو شتانەی کە تۆ ئیستراحەتی پی دەکەی، تەنها ناخۆشی و هیلاکی و سەرماو ماندوبوونێکی زۆرو دوری و غەریبی و بی کەسی و بی پەنا یی بوو لەشاخ .

پ6/ نوکتەیەکی سەردەمی شاخمان بۆ بگێرەوە؟

دکتۆر خەسرەو/// نوکتەکان زۆرن، جارێکیان چووین بۆ چالاکیەك لە چیای کۆرەك، ئەو رەبا یەی کە بۆ ئێمەیان دانابوو بیگرین کۆمەڵێك جاشی تێدا بوون کە چەکداری کوردی ناوچەکە بوون، ئێمە هێزێکی تێکەڵاو بووین لە تیپەکانی دەشتی هەولێرو 99ی بیتوێن من لە دەستەی هجوم بووم لەگەڵ هەڤاڵێکی پێشمەرگەم کە لەتیپی دەشتی هەولێر بوو ئێستا شەهید بووە بە داخەوە، دوای ئەوەی کە دەستمان کرد بە تەقە لی کردن و پەلاماردانی رەبا یەکەو ماوەیەکی زۆر تەقەمان لە رەبا یەکە کرد، هاوارێك لەناو رەبایەکە هەستا ئێمەش پێمان گوت تەسلیم بە با نەتکوژین، خۆت تەسلیم کەو چەکەکەت دانی ئینکاری کرد لەوەی کە تەسلیم بی گوتی مەگەر بەسەر جەنازەکەم دابرۆن دەنا من چەك دانانێم، ووتی ئەوە کەی ئیسلامەتیە ئەوە کەی موسوڵمانەتیە بەو نیوەشەوە هاتوون خەوتان لی حەرام

کردووین لێمان ناگەڕێن ئیستراحەت بکەین، وای زانی ئێمە بۆ گاڵتەو بۆ میوانی چووین بۆلای بەم نیوە شەوە، پی ی وانەبوو کەئەوە شەڕە!!!!

پ7/پێشمەرگایەتی، ئیداری، ڕێکخستن، سی کاری لێك جیاواز تۆ لە هەموویاندا خۆت بینیوەتەوە، کامەیان زیاتر خزمەتی کۆمەڵانی خەڵك دەکات؟

دکتۆر خەسرەو // من هەرسێکیان بە گرنگ و پڕ ئەهمیەت دەزانم وە هەر سێکیان تەواوکەری یەکتریشن، دیارە ئەو دەستکەوتانەی لەری ی ئیدارەوە دێنە دەست بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان بە پشتیوانی ڕێکخستن پێشمەرگەش دەیپارێزی وە بەبی یەکتر تەواو نابن .

پ8/ وەك لێپرسراوی مەڵبەندوو کوڕی شارەکە تاچەند لە بەرپرسانی شارەکە نیگەرانی و تا چەندیش پێت وایە یاسا جی بەجی کراوە لە رانیەدا؟

دکتۆر خەسرەو //// ئەوەی کەمن دەیبینم لەو شارەدا، لەچاو ئەو قوربانی دان و لێبوردەیەی خەڵکی ناوچەکەمان چ پێش ڕاپەرین و چ دوای ڕاپەرین و لەو ساڵانەی دوایش خەڵکی سنورەکە بی هیچ سڵ کردنەوەیەك لە مەیدان دابوون و هەرچی پێیان کراوە ئەرکی سەر شانی خۆیان جی بەجی کردووە، بەڵام لە بەرامبەردا من پێم وایە وەکو پێویست خزمەت نەکراون، ئەوە نیگەرانی کردووم خزمەت نەکردنەکەش دیارە من ناتوانم تەنها بیگێڕمەوە بۆ چەند کەسانێك، دەکری بەگشتی گلەیی بکەین کە وەکو پێویست ئاوڕ لە ناوچەکەمان نەدراوەتەوە یان وەکو پێویست بەرپرسانی ناوچەکە نەیانتوانیووە خزمەت بە ناوچەکە بکەن، وە لەئاستی ماندوبوون و قوربانی و هیلاکی خەڵکەکەدا نەبون، هیوادارم ئێمە بتوانین لەمەودوا هاوکاری یەکتر بکەین بۆ زیاترین خزمەت کردنی خەڵکەکەو ناوچەکە .

پ9/ تەعامول کردنی تۆ چۆن دەبی لەمەوبەدوا لەگەڵ ئەو کادیرانەی کە لەو هەڵبژاردنەدا دەنگیان داپێت و نەدا پێت؟

دکتۆر خەسرەو //// تەعاموول کردنی ئێمە لەسەر ئەساسی دەنگ پێدان و دەنگ پێنەدان نابێت، ئێمە خۆمان بە لێپرسراوی هەموویان دەزانین، پێمان وا یە مەڵبەندی هەموویانە دەبی لە خزمەتی هەموویاندا ببین، وەخەڵك ئازادبووە لەوەی کە دەنگی پێداوین یان دەنگی پێنەداوین، ئەوە ئێمە وەك یەکێتی نیشتمانی بۆ خۆمان ئەو ئازادی و دیموکراتیەمان پیێ ڕەوا بینیون لەبەر ئەوە دەبی قبوڵیشی بکەین بەسنگێکی فراوانەوە وەری بگرین، وەدەبی ئێمە بە یەکسانی و بی جیاوازی خزمەت بە هەموولایان بکەین، تەعامولمان لەسەر ئەساسی ئیش کردن و دڵسۆزی ئەبی لە گەڵیان .

پ10/ ئەگەر یەکێك لەو کادیرانەی کە دەنگی پێت دابوو گەندەڵیەکی لی ئاشکرابوو هەڵوێستی تۆ چۆن ئەبی بەرامبەری؟

دکتۆر خەسرەو // من هەڵوێست لەسەر ئەساسی دەنگ پێدان و دەنگ پی نەدان وەر ناگرم، چی پێویست بوو بۆ هەر کەسێك ئەوە جی بەجی دەکەین بە بی جیاوازی، چ ئەگەر ئیجرائات بی وە چ ئەگەر دەست خۆشیش بی ئەوا جیاوازی ناکەین لەگەڵ هیچ یەکێکیاندا .

ئەتەوی چیتر بڵی ی بە خەڵکانی شاری رانیەو دەوروبەری؟

دەمەوی سوپاسی هەموولایەکیان بکەم، لە دوای دەست بەکاربوونم وەك لێپرسراوی مەڵبەند هەستم بە پێشوازیەکی گەرم کردووە لەلایەن جەماوەری سنورەکەبەگشتی، جێگای سەروەری و شانازییە بۆمن نیشانەی دڵسۆزی ئەوانە، وەمن دڵنیا یان دەکەمەوە هەمووپێشوازی وخۆشەویستیەکانیان بەئیش کردن و خزمەتکردن بۆیان دەدەمەوەو زۆر سوپاسیش بۆرۆژنامەی پێگەکە بەسەری کردوینەوە .